زیاتر لە پێنجا کارگەی بەرهەمهێنانی ئاردی سفر لە تەواوی عێراق دەکرێتەوە

موحسین نامس، بەڕێوەبەری گشتیی کەمپانیاکانی بەرهەمهێنانی دانەوێڵە وەزارەتی بازرگانی عێراق بە میدیاکانی راگەیاند، وەک یەکەم قۆناغ بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی بەرهەمهێنانی ئاردی سفر لە دانەوێڵەی ناوخۆیی، چوار کارگەیان لە بەغدا و پارێزگای سەڵاحەدین کردووەتەوە و دەستیان بە بەرهەمهێنانی ئاردی سفر کردووە.

ئاماژەی بۆشکرد، لە پلانیانداید بۆ تەکە 56 کارگەی تایبەت بە بەرهەمهێنانی ئاردی سفر بکەنەوە و بۆ ئەو مەبەستەش لە ئێستادا تەنها چوار کارگە کراونەتەوە کە سیانیان لە بەغدا و یەکێکیان لە پارێزگای سەڵاحەدینە.